## کۆمپیوتەر لە کیبۆرد دا



کیبۆرد یان تەختـــەی دوگمەکان وەك پارچەیەکی گرنگـــی کۆمپیوتەر دێتەژمار، بەڵام کۆمپانیـــای ئاســـۆس هاتووە ئەو شـــتەی پێچەوانە کردۆتـــەوە، کۆمپیوتەری وەك پارچەیەکی کۆمپیوتەر داناوە. ئەوەتا لەم داهێنانەی کۆمپانیای ئاسۆســـدا ســـەیر بکـــەن کە کیبۆردی جۆری Eee keyboard Pc بەرهەم هێناوە کە لەناویدا کۆمپیوتەرێکی زۆر جوان و ســـەرنج راکێش خۆی دەنوێنێ. جگە لەوەی کیبۆردەکە کۆمپیوتـــەری هەیە، دەتوانێ لەگەڵ شاشـــەش دابنرێت و ببێـــت بە کۆمپیوتەرێکی تەواو.

بەهۆی کێشەی کەمی کیبۆرد، کۆمپیوتەرەکە دەتوانێ وەڵامدەرەوەی کارە ئیدارییەکان بێت کە بە زۆری بە بوونی گرفتی کەم جێگەیەوە گلەییان هەیە. کیبۆرد کۆمپیوتەرەکە بە تەلەفزیۆنی HDTV پێوەند دەدرێ و دەیکاتە ئامێرێکی گەمەکردن و مۆڵتی میدیا بۆ هەموو ئەندامانی خێزان.

## لەرێی ئایفۆن بە خێرایی پێوەندی بکە و کورتـــ



موبایلی ئایفۆن لە جیهانی مۆبایلدا شۆڕشـــێکی بەرێخست، چونکە ئایفۆن لە بازنەی مۆبایلێکی ئاســـاییدا نەما و گەلێـــك تایبەتمەندی پێوە زیاد بوون کە هەتا ئەوکات هیچ هاندێکی مۆبایل بەخۆیەوە نەدیبوو. لە مۆبایلی ئایفۆندا دەتوانی بە خێرایی قســـە لەگەڵ دۆســـتانت بکەی جا لە هەر کوێیەکی ئـــەم جیهانەدا بن. بەهۆی پرۆگرامـــی Viber بە ئاســـانی ئەم ئەرکە جێبەجێ دەبێت. هەر ئەوەندە بەســـە کە پرۆگرامەکە لەســـەر هاندەکەت دابەزێنی، پرۆگرامەکـــە پاش ئەوەی دابەزی داوای ژمارەی پێوەندی دەکات کە دەبێ ژمارەی مۆبایلەکەی خۆتی بدەیە. پاشان ســـەبر کە تا بەهۆی کورتە پەیامێکەوە کۆدێکـــی 4 ژمارەیت بۆ بێت. بە دانانی ئەو کۆدە ئێوە ئەکتیڤ دەبن. دوای ئەکتیڤ بوون لیســـتی پێوەندییەکانت ســـێرچ دەکات، ئـــەو هاورێیانەت کە لەو پرۆگرامە ســـوود وەردەگرن دەدۆزێتەوە دەیانخاتە لیســـتەکەتەوە. هەروەها دەتوانن ئێوە پێشتر هاورێیانتان لە دابەزاندنی ئەو پرۆگرامە بۆ ســـەر مۆبایلەکانیان ئاگادار بکەنەوە تاکـــو بە خێرایی پێوەندیتان هەبێت، بەڵام جێگەی وەبیرهێنانەوەیە، دەبێ بۆ سوود وەرگرتن لەم پرۆگرامە و پێوەندی بە خێرایی ئینتەرنێت لەســـەر هێڵەکەتان ئەکتیڤ بێت، تەنانـــەت گەر هێڵێکی زۆر لاوازیش بێت گرفت نییە.

## بە میدیاپلەیەری سۆنی زمانی ئینگلیـــ



ســـۆنی کە یەکێکە لـــە کۆمپانیـــا بەرهەمهێنەکانی کەلوپەلی دیجیتالی بەم دواییانە میدیا پلەیەرێکی بەرهەم هێنا کە جگە لە ئەرکی خۆی کە بڵاوکردنەوەی مۆســـیقییە، تایبەتمەندی فێرکردنی زمانیشـــی هەیە. بـــۆ نموونە لـــە تایبەتمەندییە گرنگییەکانـــی ئەم میدیا پلەیەرە ئەوەیـــە کە خزمەتگوزاری karaoke هەیـــە، کە تایبەتە بـــە فێربوونی زمان. هەروەها تۆمارکردنـــی و دەنگ و بۆ ئەوەی کە لەگەڵ فۆنەتێکی زمان بگونجێت. میدیـــا پلەیەرەکە چەندین جـــۆری هەیە وەك جۆری A860 کە لەگەڵ هیدفۆنی بلوتوس پێوەندی دەدرێت. شاشەکەی 2.8 ئینجی لەمســـییە. ئەوەی تریان جۆری S760BTیە کە شاشەیەکی دوو ئینجی هەیە، ئەویش سیستەمی بلوتوسی هەیە و باترییەکەی تاکو 50 کاتژمێر دەخایەنێ.

## پێنووسی سیحری گشت شاشەیەک دەکاتە لەمسی



حـــەز دەکـــەی شاشـــەی کۆمپیوتەرەکـــەت، مۆبایلەکەت، کامێراکەت..تاد لەمســـی بێت و تەنیا جوڵـــەی پەنجەکان فەرمان وەربگرێت. کۆمپانیایەکی ئیتالی ئەو خەونەی هێنایە دی ئەویش بە داهێنانی پێنووسێك کە گشت شاشەیەك دەکاتە لەمسی.

پێنوســـەکە کـــە بەنـــاوی Planny Evoیـــە بـــە رواڵـــەت وەك پێنووســـێکی ئاسایی دەچێت، پێنووسەکە پرۆگرامێکـــی لەگەڵدایە کـــە بە ئاســـانی لەســـەر کۆمپیوتـــەر دادەبەزێـــت. هەرکـــە پرۆگرامەکـــە دابەزی، شاشەکە دەبێتە شاشـــەیەکی لەمســـی. بەهـــۆی قەڵەمەکـــەوە دەتوانـــی ئەرکەکانـــت راپەڕێنی. بەکارهێنەران دەتوانـــن بەهـــۆی پێنووســـەکەوە وەك خودکارێکی ئاســـایی لەسەر شاشەکە بنووسن و پاشان نووسینەکانیان بە فۆرماتی .PDF JPG خەزن بکەن.



# ئەو لاپتۆپەی وزەی خۆی لە ئاو وەردەگرێ

لەو سەردەمەی دا کە ئاڵوودەبوونی هەوا و گەرمای زەوی زیاتر بەرەو سەردەچێت، پێویستە بۆ کەمکردنەوەی ئەو گرفتە ژینگەییانە تەکنۆلۆژییەك بەرهەم بێت کە زیان بە ژینگە نەگەیەنێت. بەو مەبەستە کۆمپانیایەك لاپتۆپێکی بەناوی PlantBook بەرهەم هێناوە کە نەتەنیا هیچ زیانێکی بۆ ژینگە نییە، بگرە سوودبەخشیشە. لاپتۆپەکە وزەی پێویستی خۆی لە ئاو وەردەگرێ و ئۆکسجین بەرهەم دێنێ.

لاپتۆپی ناوبراو شاشەکەی دوو رووکەشی هەیە کە بە ئاسانی دەتوانی لە بتڵێك یان پیاڵەیەك ئاو دابندرێ. لایەکەی دیکەی وزەی لە خۆر وەردەگرێ، واتە لەیەك کاتدا هەم خۆر و هەم ئاو وەك وزە بەکاردێنێ. گەر لاپتۆپەکە بە کوژاوەیی لەناو ئاو دابنێی بە خێرایی شەحن دەبێتەوە. جگە لەوەش لە بواری دیزاینەوە زۆر سەرنجڕاکێشە.

# پێنووسی دیجیتاڵی راڤەی قورئان دەکات

بەهاتنی مانگی رەمەزان پێویستە باسی یەکێك لە ئامێرە دیجیتاڵییە ئیسلامییەکان بکەین کە ئەویش پێنووسێکی دیجیتاڵییە کە دەتوانێ قورئان بخوێنێتەوە و بە زمانی ئینگلیزی و ئوردو تەفسیری بکات، هەرچەندە تاکو ئێستا هەر ئەو دوو زمانەی تێدایە، بەڵام ئەو کۆمپانیایەی کە ئەو پێنوسەی بەرهەم هێناوە کۆمپانیایەکی چینییە و بەڵێنی داوە زمانەکانی دیکەشی تێدا زیاد بکات.

پێنووسەکە لەسەر هەر قورئانێك دابنێی و هەروەها لەسەر هەر ئایەتێك بەبێ گرفت دەیخوێنێتەوە. هەروەها قەڵەمەکە هەر ئایەتێك کە مەبەستتە لەخۆیدا سکانی دەکات. مەبەست لەبەرهەمهێنانی ئەو پێنووسە بۆ ئەوەیە کە ئەو کەسانەی حەز دەکەن فێری قورئان خوێندن بن قەڵەمەکە یارمەتیدەریان بێت. تۆمارکردنی دەنگ بە فۆرماتی MP3 تایبەتمەندییەکی دیکەی قەڵەمەکەیە.



## ـــــه پەیام بنێره




## ـــزی فێربه



# چۆن پاسۆرد لەسەر فۆڵدەر دادەنرێت

فۆڵدەر ئەو بۆکسەیە کە دەکرێت بە بێ سنوور فایلی تێبخرێت و بۆ ڕاگرتنی و کۆکردنەوەی فایلەکانە. ئێمە هەر فۆلدەرێك تایبەت دەکەین بەبەشێك لەو فایلانەی کە نیازمانەلەو فۆڵدەری دابنێین، بۆ نموونە فۆلدەرێك تایبەت بە گۆرانی، فۆلدەرێك تایبەت بە دەق و زانیارییەکان. ئەگەر کۆمپیوتەرەکەتان چەندین کەس کاری لەسەر دەکەن چۆن فایلەکانمان لە فۆلدەرێك دابنێین کە تەنیا خۆمان بە وشەی نهێنی واتە بە پاسۆرد بیکەینەوە..بۆ زۆر کەس ئەم پرسیارە دێتە پێش لە کاتێکی وادا چ بکەین کە وشەی نهێنی تەنیا لەسەر یەك فۆلدەر دابنێین، چونکە سیستەمەکانی کۆمپیوتەر شتێکی لەو بابەتەی تێدا نییە. شێوازێکی گرنگ بۆ ئەم مەبەستە لە پاڵ یەکخستنی فایل و فۆلدەرەکان و پاسۆرد دانان لەسەر فۆلدەرەکانە. ئێوە دەتوانن فایل و فۆلدەرەکان بە زۆر پرۆگرام لەپاڵ یەکتر پەستێون. باشترین پرۆگرامیش بۆ ئەم مەبەستە winrar ە. بە کلیك کردن لەسەر هەر فۆلدەرێك فەرمانی Add to archive دابنێ، لەو پەنجەرەی کە دەکرێتەوە فەرمانی Advanced هەڵبژێرە. پاشان فەرمانی Set password کلیك بکە. هەر جارێك کە پێویستت بەو فۆلدەرە بوو کلیکی لای ڕاست بکە و فەرمانی Extract لێبدە. پاشان پاسۆردەکە بنووسە.






## لاپتۆپێک خاوەنی دوو شاشەیە

لە جیهانی دیجیتاڵیدا هەر ڕۆژە و ئامێرێکی نوێ دێتە بەرهەم، یان گۆڕانکاری بەسەر ئامێرێکدا دەکرێ و خزمەتگوزاری و تواناکانی دەچنە سەری، بەم دواییانە کۆمپیوتەرێکی جۆری لاپتۆپ بەرهەم هاتووە کە خاوەنی دوو شاشەی جیاوازە، ڕەنگە بوونی دوو شاشەکە بۆ ئەوانەی کاری گرافیکی و نەخشەسازی دەکەن زۆر جێگەی دڵخۆشی بێت.

لاپتۆپی جۆری GScreen spacebook خاوەنی دوو شاشەی 17 ئینجییە، هەر بەو هۆیەشەوە هەندێك کێشی لاپتۆپەکە لەگەڵ لاپتۆپێکی ئاسایی زیاترە. لاپتۆپەکە هەروەك ئاماژەی پێدرا بۆ ئەوانەی کاری دیزاین و نەخشەسازی دەکەن، یان ئەوانەی ئەرکی مونتاژی فیلم دەکەن زۆر گونجاوە، جگە لەوەش بۆ ئەو بازرگانانەی ئەرکی بۆرسە ئەنجام دەدەن بۆ نیشاندانی سلایدی نرخەکان.

## باخچەی ئاژەڵانی مەجازی




حەز دەکەن سەرێك لە باخچەی ئاژەڵان بدەن و ئەو ئاژەڵانەی کە قەت نەتدیون و نازانن لە کوێی ئەم جیهانە دەژین ببینن، ئەگەر حەز دەکەن فەرموون سەر لە سایتی www.waza.org/en/zoo بدەن، لەم سایتەدا کە بە زمانی ئینگلیزییە. لەو سایتەدا گیانلەبەرەکان بەپێی ناوچەی جوگرافیایی ڕیزبەندی کراون. تەنیا ئەوەندە بەسە کە لەسەر یەکێك لەو سێ فەرمانانە کە لە وێنەکەدا نیشان دراون کلیك بکەی، تاکو بچییە باخچەی ئاژەڵانێکی مەجازی. بۆ نموونە ئەگەر لەسەر بەشی خشۆکەکان کلیك بکەی دەتوانی ببینی کە کام گیانلەبەر لەریزی خشۆکەکان دایە. لەسەر گیاندرێك کلیك بکە تا جۆرەکانی تری ئەم گیاندارەت نیشان بدات. بە کلیك کردن لەسەر هەر کام لە گیاندارەکان زانیاری زۆر گرنگ لەبارەی شوێنی جوگرافی گیاندارەکە و چۆنییەتی ژیانی گیاندارەکەت بداتێ.



## پرۆگرامی Makeup Guide تایبەت بە ئارایش کردن

زۆر لەو کەسانەی ئەرکی گرافیکی دەکەن حەز دەکەن لە سیماو رووخساری کەسی ناو وێنەکاندا گۆڕانکاری و جوانکاری بکەن، هەرچەندە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ دەتوانێ زۆر ئەرك لە کۆڵ کاتەوە، بەڵام هەموو کەس وەك پێویست لە فۆتۆشۆپ نازانێت. جگە لەوەش پرۆگرامی فۆتۆشۆپ هەموو لایەنێکی نەگرتۆتەوە و رەنگە هەموو شتێکی پێنەکرێت. پرۆگرامی Makeup guide لەگەڵ ئەوەیدا پرۆگرامێکی بچووکە، بەڵام تواناکانی گەلێکن، بەکارهێنەران بە ئاسانی دەتوانن بەهۆی پرۆگرامەکەوە ئارایشی رووخسارەکان بکەن. پرۆگرامەکە 8 ئامرازی تێدایە بۆ ئارایش کردنی رووخسار، ئامرازی یەکەم (lipstick) تایبەت بە ئارایشی رەنگەکان کە زیاتر بۆ خانمان بەکار دێت. ئامرازی (face powder) تایبەتە بە گۆڕینی رەنگی رووخسار. هەروەها ئامرازەکانی وەك گۆڕینی رەنگی چاو، رەنگی سێبەری چاو. ئەوانی دیکەش بۆئارایش کردنی وێنەیەکی ژنانە زۆر گونجاون.

## راپەڕینی لیبیا لە یارییەکدا




زۆر لە رووداو و ئەفسانەکان و مێژووی گەلان و شەڕە گرنگەکانی جیهان... تاد. کراونەتە فیلم و یاری ئەلکترۆنی. لەم دواییانەدا یارییەکان بەهۆی گەرمی رووداوەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیاتر ئەو رووداوانەیان بەرجەستە دەکرد کە لەم ناوچانەدا روویاندا وەك: شەڕی ئازادی عێراق، رزگارکردنی میسر. فەلەستین. لە نوێترین یاری ئەلکترۆنیشدا کە لەنێوان کۆمپانیای gat کە تایبەتە بە دروستکردنی یاری ئەلکترۆنی بەهەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیای NVIDIAدا کەتایبەتە بە بەرهەمهێنانی کارتی گرافیکی، یاری ئازادی گەلی لیبیایان دروست کرد. یارییەکە باس لە راپەڕینی گەلی لیبیا دەکات. لە یارییەکەدا کارەکتەری یارییەکە دەبێت یەکە بەیەکە شارەکان لە هێزەکانی قەزافی پاك بکاتەوە و دواتریش قەزافی بەدیل بگرێت و ئاڵای نوێی وڵاتی لیبیا هەڵبدات.

## ماوس یان حاسیبە

ماوس کە وەك شاکلیلی چوونە ناو پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر سەیر دەکرێت، گۆڕانکاری زۆری بەخۆوە دیوە، وەك ماوسی لەیزەری، ماوسی وایەرلەیس، ماوسی دوگمەیی، بەم دواییانەش ماوسی حاسیبە..

هەموومان کۆمپانیای کانون زیاتر وەك کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی کامێرای دیجیتالی یان بەرهەمهێنی پرینتەر دەناسین، بەڵام لەدوایین داهینانی خۆیدا کۆمپانیای کانون "ماوس حاسیبە"یەکی بەرهەم هێناوە، لە ماوسی جۆری X mark دا ئەو شوێنە بەتاڵەی کە دەکەوێتە ژێر پەنجەکانەوە کراوەتە حاسیبە. جگە لەوەش ماوسەکە دەتوانێت لە رێگەی بلوتوسەوە ببێت بە کیبۆردێکی ژمارەیی کۆمپیوتەر.

